# مەلا بەختیار وەڵامی بەڕێز نەوشیراوان مستەفا دەداتەوە

پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە لەکۆنگرەیەکی ڕۆنامەنوسیدا ، مەلا بەختیار، کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وتی"مافی خۆمە وەڵامی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بدەمەوە".

لەو کۆنگرەیەدا کە بەبۆنەی هاتنی وەفدێکی باڵای سۆسیال دیموکراتییەکانی سویدەوە بەسترابوو، مەلا بەختیار تیشکی خستە سەر ئەو مەسەلەیەو، وتی"مافی خۆمە کەی ویستم وەکو مەلا بەختیار وەڵامی قسەکانی نەوشیروان مستەقا بدەمەوە، نەک وەکو مەکتەبی سیاسی".

سێشەممەی رابردوو نەوشیروان مستەفا وەڵامێکی توندی مەلا بەختیار کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتیو ئەرسەلان بایز بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکێتیو ئەندامی مەکتەبی سیاسی دایەوە.

لەوەڵامەکەیدا هاتبوو" کۆمپانیای وشە نە "مەڵبەندی ڕێکخستن" ە تا سەر بە مەکتەبی ڕێکخستنی ئەرسەلان بایز بێت و نە "ڕێکخراوی دیموکراتی جەماوەری" یە تا سەر بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی مەلا بەختیار بێت، تاوەکو ئەوەی موچە و میزانیە لەوان وەربگرێت. نە من و نە هاوکارەکانم بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای وشە و داودەزگاکانی موچە و پارە و ئەرزمان لەم دو زاتە وەرنەگرتوە، دامەزراوەکانی ئێمە دەسندەخۆری ئەوان نین، بۆیە ئیدیعاکانیان بێ بناغەو نا ڕاستە و هەرچیەک ئەڵێن قسەی خۆیانە".

جێگەی ئاماژیە وفدی سۆسیالیال دیموکراتەکان بەمەبەستی کردنەوەی چەند خولێک لەسەر دیموکراسیو هەڵبژاردنەکان بۆ مەڵبەندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی کوردستانیان کردووە.